# فەنابوونی ماچێك لە شەودا

2006/2/10

ئەشێ باران لە دەروازەکانی ئاسمان
کفنە دڕاوەکەی فڕێ داو
لە هەژمەتا بەرەو ئاقارەکانی
مەرگێکی تێنوو بکەوێتە ڕێ
یا پەڕەسێلکەکان
لە بیابانی پرتاو نزا
بۆ نووزەی ڕوحێکی گۆشەگیر بکەن
پاییز لە ترسی
وەفاداری سبەینێی بەهار
سەراپا سروودە دەروێشییەکانی خۆی بسووتێنێ
ئەوکات شەو ئارام ئارام
بەسەر کچە ڕەش ئەسمەرەکە ئەبارێت
تاوانەکانی دەستی غەزەبی ( با )یەکی دڵرەق
لە کۆشی گریانێکی غەریبی خۆی ئەکوژێت
تابوتی مەرگ
دانە دانە ملوانکە ئازارەکانی
سۆزانیەکی قەرەج
پێڵووی سفرەیەکی ئاڵتونی
زستانێکی گەرم ڕائەماڵێ
بەشەرمنی

بەیانییەکی شێواو ئەکوژێت

بەیانیەك

بەدوای سوالّکردنی سێبەرێکی ئاشنایە

لە ژێر هەورە رەشتاڵەکانی

درەختێکی سور

لە نێو گێژەلووکەی حەزین

عەبەسی ... پووچ ئەیمرێنێت

ئەو شەوانەی بە ماچ ئەبوون بە دیلی بەیانیان

ئەو شەوانەی فەرهەنگی عەشقی تیا ئەسوتێنرا

فەلسەفەی نامە واقیعییەکانی تیا ئەشێوێنرا

ئەو ماچانەی

مانگێکی تاوانبارئەکرد

موسافیرێکیشی نقومی فرمێسکەکانی

قەرەجێکی نامۆ ئەکرد

سنورەکانی تەنیایی پێ ئەبڕدرا

هەنگاوەکانی رۆحی زەیتونێکی ئەکرد بە مەرگ

ئەهریمەنەکانی ئەکرد بەسەر کردە و

جەهەنەمیشی ئەکردنە دیاری

هەر ئەو ماچانەی سنورەکانی نێوان من و تۆیان تێك شکاند

منێکی تێنوو

تێنووی ئەو رێبوارانەی لە تەك فریشتەکانی ئاسمان

هێمن هێمن پیاسە ئەکەن

تێنووی ئەو شەوانەی ماچی تیا لەخاچ ئەدرێ

ئەو شەوانەی سێدارە بۆ لاسکە گیایەکی تێنوو

لە قەراغ بێ ئومێدیەوە هەڵئەدرێ

عەشقی تیا ئەکوژرێ

تێنووی کانیاوی جاویدانی کچانی دونیا

شیلەی لێوانیان

ماچی لێوانی کلووریان

روومەتی نۆژەنیان

تێنووی تەمەن

شارە بێ ڤینەکان

فرمێسکە گوڵە خەندەرانیان

هێشتا لە مەملەکەتستانێکی خنکاوی

ژێر سێبەری خەونێکی نابینا ئەمرم

ئەی یار

تەنها بزەیەکی وەنەوشەی تۆ

نمە شەونمێکی رووت

تریفەی شەرمنی تۆ

بەس ... بەس ... بەسە بۆ ژیانم

تا هەقیقەتی

ئەو ماچانەی لە سنورەکانی

تاراوگەی بارانێکی نووستوو فەنا ئەبن لە بیر بکەم